# خەڵات یان دەستگیرۆیی

## دایکی تاڤی

لەم ماوەیەدا دوای گفتوگۆکردن لەسەر وشەی خەڵات یان دەستگیرۆیی کاتێکی زۆری نووسەران و خوێنەرانی کوردی برد ، کە دەبووایە ئەو نووسەرانە لەباتیی ئەوە دەستخۆشییان لە مەهاباد خان بکردایە کە ژنێکی کورد گەیشتۆتە ئەم پلەیە، کەچی هەندێک کەس لەم کاتەدا خەریکی کەم کردنەوەی نرخی کارەکانی ئەو نووسەرەن و، دەیانەوێ لەم رێگایەوە باسی وشەی ستیپەندیۆم ( stipendium) بکەن کە دەیانتوانی بە شێوەێکی زانستییانە لە کات و شوێنیکی تردا باسی وشەکەیان بیکردایە لە رێگای زمانەوانی و لێکدانەوە، چونکە وشەکە بەمانی خەلات دێ نەک دەستگیرۆیی، دەستگیرۆیی بەمانی خێر دێت پێم وایە سوید بەو مەبەستە ئەم کارەی نەکردووە، چونکە مهاباد خان پێویستیی بەم خێرە نییە، جا هیوادارم ئەم برادەرانە چاویان پێ هەلبێ و پیرۆزبایی لێبکەن.